لیژنەی بانەی هاوبەشی سەربازی ئەمریکا و عێراق مانگی تەمووزی ئەم ساڵ کۆدەبنەوە



محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی بانەی هاوبەشی سەربازی ئەمریکا و عێراق مانگی تەمووزی ئەم ساڵ بەڕێوەدەچێت.

سوودانی لە بارەگای سەرکیی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و لۆید لیەد ئۆستن وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا سوودانی ڕایگەیاند، عێراق لە ڕۆژی لیژنەیەکی بانەی هەماهەنگیی سەربازییەوە بڕیاری هاوبەشی گشتگیر لەگەڵ ئەمریکا هەنگاو دەنێت.

سەرۆک وەزیرانی عێراق گوتیشی: کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی بانەی هەماهەنگیی سەربازی عێراق و ئەمریکا بە هەڵسەنگاندنی هەڕەشەکانی داعش و توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق و گەیشتن بە ئەکتوتنی دانانی وادەیەک بە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی مانگی تەمووزی داهاتوو بەڕێوەدەچێت.

لای خۆیەوە لۆید ئۆستن وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئاماژەیدا، وڵاتەکەی پابەندە بە هاوکاری کردنی

عێراق لە تێکشکاندنی داعش. گووتیشی: دەیانووت لەگەڵ عێراق هەماهەنگیی سەربازیی قوڵییان هەبێت و خواستیشیان لە سەر ئاوێتە گفتوگۆکان بەرەو پێوەندی ستراتیجی لە چوارچێوەی هاوکۆتنی ستراتجی عێراق و ئەمریکا ببەن.